مەسرور بارزانی سەرکۆنەی هێرشی سەر کڵێسەکەی دیمەشق دەکات



سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی سەرکۆنەی هێرشی سەر کڵێساکەی دیمەشق دەکات و پشتیوانیی خۆی بۆ ئازادیی بیروباوەڕ دووپات دەکاتەوە.

دووشەممە، 23-06-2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی 'ئێکس' کە موتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند "بە توندی سەرکۆنەی ئەو هێرشە خێکوژییە تیرۆریستییە دەکەم کە کرایە سەر کڵێسەی مار ئیلیاس لە دیمەشق."

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "پرسە و سەرەخۆشی قووڵی خۆم ئاراستەی کەسوکاری قوربانییان دەکەم و هیوای چاکبوونەوە بە بریندارەکان دەخوازم و هاوسۆزی هەموو زیانلێکەوتووانم."

سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی ئاماژەی بۆش کردووە "پشتیوانیی بەهێزی خۆمان بۆ ئازادی بیروباوەڕ دووپات دەکەینەوە و بە هەموو شێوەیەکیش تیرۆر ڕەت دەکەینەوە و دژی دەوەستین."